# "هەڵوەشاندنەوە"ی *گابۆر*

شەهلا دەباغی

هەوەڵ وشە بوو، و وشە لەلای خودا بوو، و خودا وشە بوو.

ئینجیل، یوهانێس ١:١. ١٩١٧

The Beginning (Genesis 1:1-2)

In the beginning was the Word, and the Word was with God, and the Word was God.

## Plot summary/ کورتەی تەون[1]

تەونی *گابۆر لە* دوو گێرانە و چیرۆکی هاوتەریب پێکهاتووە:

چیرۆکی یەکەم بەسەرهاتی چەند منداڵێکە، لەوان کەریم و هەژیر/عەبدول متەللیب، کە لە شارێک دا دەژین کە پاسگاکان کۆنترۆڵیان بەسەردا هەیە. ئەو منداڵانە لە ڕەوتێکدا گەورە دەبن و بەهۆی هەڵکەوتێک لەگەڵ گۆڤاری سروە ئاشنا دەبن و لە ڕێگای خوێندنەوەی سروە و شێعر و کتێب زمانی دایکی خۆیان دەناسن، فێری نووسینی زمانی کوردی دەبن و وردە وردە لە ڕەوتی ژیانیاندا هێندێک ڕووداو وادەکەن کە هەژیر بەرەو سنوور کۆچ دەکا و کەریم لە شار دەمێنێتەوە.

چیرۆکی دووهەم بەسەرهاتی کوشتارگای دەرەوەی شارە کە لە خەیاڵ و زەینی کەریم ڕا بە *گرافیکی ئیتالیکی* بۆ خوێنەر دەگێردرێتەوە. هەموو ڕۆژێک کەریم و بابی کە قەساب بوو، مانگا، جوانەگا و کوێلک دەبنە کوشتارگا کە سەریان ببڕن. بە هۆی بوونی پاسگا و خەتەری مەرگ بابی کەریم لە قەسابی ڕا دەبێتە مریشک فرۆش. کەریم بەسەرهاتی ئەو ئاژەڵە بەستەزمانانە وەها بە وردی دەگێڕێتەوە کە خوێنەر هەست دەکا لەگەڵ کەریم بەیانیان بەرەو کوشتارگا چووە و کوشتاری ئاژەڵەکانی بە چاوی خۆی دیوە. بەرەبەیانێک، سەیدەسوورەی زمانشڕ کە ماڵاتەکان زبح دەکا لەگەڵ جوانەگایەک لەبەریەک ڕادەچن و سەید مانگا بریندار دەکا بەڵام جوانەگاش شاخ لە ورگی سەید دەدا و لە کوشتارگا دێتە دەر.[2]

## مانگا لە ئەفسانەکان دا

لە زۆربەی ئەفسانەکانی هیندی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یونانی، سکاندیناوی مانگا یا پیرۆزە و یان ڕۆڵێکی گرینگی لەسەر ژیانی ئینسان، سوری سروشت و گێرانەوەکان هەیە. بە پێی هیندووئیسم مانگا یەک لە حەوت دایکانی پیرۆزی زەوییە: دایکی زەوی، دایکی تاک، مامۆستا، پەرەستار، مەلەکە، هاوسەری برەهمان و مانگا.[3] مانگا لە چەرخی ژیانی سروشت و ئینسان دا یەکجار بە بەرەکەتە. کە دایک شیری نەبێ، شیری مانگا دەدەنە منداڵ. تەنانەت پەینەکەشی وەک سووتەمەنی بەکار دێ. وەک تایبەتمەندییەک بۆ مانگا دەتوانین بڵێین کە مانگا ئاژەڵێکی سەخییە، بە بێ ئەوە پێویستی بە ئاگادارییەکی سەیر هەبێ. بوونەوەرێکی مێهرەبانی بێ ئیدعایە. نوێنگوێن و جوانەگا لە مانگا دەبن؛ نوێنگوێن بۆ دووبارە بەرهەمهێنانی

---

1 ئەم وتارە بە شێوەی داب کە دەبێ هەوەڵ پێشەکی بنووسرێ، ناتوانێ ببێ. بۆیە هەوەڵ خوێنەر بە کورتەیەک لە ڕۆمانەکە ئاشنا دەکرێ. ئەمەش لەخۆیدا هەر جۆرێک هەڵوەشاندنەوەی دابی ڕەخنەیە.

2 سەیدقادر هیدایەتی، ١٣٩٤.

3 https://sv.wikipedia.org/wiki/Helig_ko

ڕەگەز و شیر، و جوانەگا بۆ کێڵانی زەوی. مانگا و گوێلکەکانی نزیکترین و بە بەرەکەتترین ئاژەڵی دۆستی ئینسانن.

ئەفسانەکانی سەبارەت بە مانگا وەک هەوەڵین دایکی جیهان و نمادی زاوزێ لە نەریت و کوولتووری زۆر ناوچە و گەل دا دەبیندرێن. هەوەڵین وێنەکانی هەزاران ساڵی پێشی سەر دیواری غارەکان کە بۆمان ماونەتەوە مانگا و جوانەگان. لە "گرگان و مازندران"ی ئێران پەیکەرەیەکی چوارهەزار ساڵ پێشی مانگایەک دۆزراوەتەوە کە شەڕاب دەخواتەوە. مانگا سیمبۆلی جەنگی نوور و تاریکییە.[4]

لە میتۆلۆگی سکاندیناویدا هەوەڵین مانگا/دایک هێندە زمان لە سەهۆڵ دەخشێنێ تا پیاوێک لەناو دڵی سەهۆڵەکان دێتە دەر و Audhumbla/Ödhumla وەک باوکی خوایان دەناسرێت.[5] لە میسر و میسۆپۆتامیا، سیمبۆلی خواوەندەکانی ئاسمان و ئەوین و ژن ئیسیس /ISIS و Hathor، سەری مانگا یا ژنێک بە شاخی مانگاوە بوو.[6] هەرا / Heraی یونانی خواوەندی ماڵ، ژن و ئیزدواج، پارێزەری ژیانی مانگا و شیرەکەی بوو.[7] لە دینەکانی ئاسمانیدا مانگا خاوێنە. یەک لە وێنەکانی ئاسمانیی ئەستێرەکان Zodiac/ ثور جوانەگایە.[8]

هاوکات گەلێک ئەفسانە هەن کە تێمی گرینگی ئەوان ئەوەیە چۆن گا/مانگایەکی بەهێز لە داو بخەی. بۆ وێنە یەک لە دوازدە خانی "هەرکولێس" بۆ ڕزگاری لە تاوانێک کە ئەنجامی دابوو، ئەوە بوو کە "مانگای کرێت" کە مانگایەکی زۆر جوان و بەهێز بوو، لەداو بخا و بیگرێ.[9] یەک لەو ئاژەڵانەش کە بە مەبەستی قوربانی کردنی ئایینی بەکار دێن هەر مانگا، جوانەگا و گوێلکن.

## پێشەکی

ئادۆرنۆ و هۆرکایمێر سەر بە مەکتەبی فرانکفۆرتییەکان هەوەڵ جار لە ١٩٤٤دا لە کتێبی *دیالکتیکی ڕۆشەنگەری* دا هێندێک باس لەوان بێ زمانی ئاژەڵان و ڕەنجی ئینسان و ئاژەڵ دێننە کایەوە. *دیالێکتیکی ڕۆشەنگەری* کتێبێکی ڕەخنەگرانەیە لە ڕوانگە و هزری پێشتری ئورووپایی. ڕۆشەنگەری لە ڕوانگەی ئەوانەوە بریتییە لە گەیشتن بە خودئاگاییەک کە مۆدێرنیتە دێنێتە ژێر ڕەخنە؛ چۆن ئینسان دەستی داوەتە وێرانکردنی خۆی و بەرپاکردنی کەمپی سووتانی ئینسان. کۆمەڵگای تێکنیکی و مەسرەفگەرا، ڕێکلام، سەنعەتی کولتووری، هەموو تێکرا لەژێر ناوی ئێفێکتیڤ بوون/کارابوون مێشکی ئینسان دەشۆنەوە. ئینسان وشەکان لە هەموو شوێنێک، لە ڕادیۆ و نوتقەکانی بەکار دێنێ، ئەو وشانەی کە لە ماناکانیان حاڵی نین و دەبنە تۆتالیتەر. ئینسان خۆی پێ خاوەن "حس" و بیرە، و ئاژەڵ "بێ‌حس" دەبینێ. ئەوەی کە بێ‌حسە، خاوەنی وشە نییە. بەڵام ئاژەڵ "ڕوح"ی خۆی هەیە و تەنانەت ئەرەستوو باسی جەستەی ئاژەڵی نەکردووە، بەڵکو باسی وجوودی تایبەتی ئاژەڵی کردووە کە نزمترە لە ئینسان. جیهانی ئاژەڵ بێ چەمک و بێ وشەیە و ئاژەڵ "خود"ی نییە. دەسەڵاتی ئینسان بەسەر ئاژەڵ و سروشت دا و نەتوانینی ئەوان بۆ دەربڕینی ڕەنجی خۆیان باسێکی دیکەی *دیالێکتیکی ڕۆشەنگەری*یە.[10]

---

[4] http://www.bbc.com/persian/arts/2009/03/090321_op_ar_cows_mythology
[5] https://sv.wikipedia.org/wiki/Audhumbla
[6] https://sv.wikipedia.org/wiki/Hathor هەروەها *Våra bibliska mödrar*, Anita Goldman. 1995. *Kvinnans utvckling*, Evelyn Reed. 1978.
[7] https://sv.wikipedia.org/wiki/Hera
[8]https://fa.wikipedia.org/wiki/%DA%AF%D8%A7%D9%88_(%D8%B5%D9%88%D8%B1%D8%AA_%D9%81%D9%84%DA%A9%DB%8C
[9]https://fa.wikipedia.org/wiki/%D8%AF%D9%88%D8%A7%D8%B2%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%D8%AE%D8%A7%D9%86_%D9%87%D8%B1%DA%A9%D9%88%D9%84
[10] *Upplysningens Dialektik*, 1981.

لە دەلاقەی ئەم پێشەکییە، دەمانهەوێ بزانین کە بۆ لە ڕۆمانی *گابۆر دا ئەو* هەموو ماڵاتە بریندار و سەرپراوە ڕووبەرێکی زۆری دەقیان داگیرکردووە؟ چیرۆکی دووهەم بۆ بە خەیاڵ و زەینی کەریم دا تێپەڕ دەبێ؟ لەم وتارەدا هەوڵی ئەوە دەردێ کە خوێندنەوەیەکمان هەبێ لەبۆ مانگا، جوانەگا و گوێلکەکانی ناو ڕۆمانی *گابۆر* و لەگابۆڕدانی ئەوان.

## پرسیار و گریمانە

بە خوێندنەوەی *گابۆر* ئەو پرسیارە لەلای منی خوێنەر دروست دەبێ کە بۆ نووسەر ئەو هەموو مانگا و جوانەگا و کوێلکەی بەناو تەونی دەق و خەیاڵی کەریم دا بڵاو کردۆتەوە و گابۆری ئەو ئاژەڵانە لەبۆ چییە؟

دەقێکی دەوڵەمەند و نووسەرانە بە پێی ڕوانگەی بارت ئەو دەقەیە کە بتوانێ ئەمڕۆ دووبارە لەلایەن خوێنەرەوە بنووسرێتەوە و مانای تازە و جیاواز لەخۆی بداتە دەست. بەڵام ئایا خوێندنەوەکان مانا و مەبەستی نووسەر دەپێکن؟ بارت گوتەنی ڕەنگە هەر هەوڵێک بۆ پێکانی مانای ناو خەیاڵی نووسەر بێهودە بێ، بەڵام تەنیا لە ڕێگای ئەم خوێندنەوانە ڕەنگە بە هێندێک مانا بگەین.[11]

گریمانەیەکی من لەناو دەیان خوێندنەوەی دیکە کە لەسەر ڕۆمانەکەی سەید قادر هیدایەتی نووسراوە ئەوەیە کە *گابۆر* هەستانەوەی دەنگی سەرکووتکراوی ئینسان/ئاژەڵی بێزمانە لە قووڵایی مێژوو، گەڕانەوەیە بۆ ژیان و شەڕ بۆ "بوون و زمان". بوون لە ڕێگای زمانەوە مانای هەیە. لەگابۆر*دانی* ماڵاتەکان دەنگی "بەستە"زمانەکانە. دەقی *گابۆر* نیشتمانی "*بێ زمان*"ەکانە.

## میتۆد

*déconstruction*

*de-struere* هەڵوەشاندن

*construere* دروست کردن

وشەی "دێکانستراکشن" لەم دوو وشەیە پێکهاتووە. هەر خودی وشەکە "هەڵچنین/ دروست کردن" و "هەڵوەشاندن/لەبەریەک هەڵوەشاندن" هەڵگری دژایەتییە، بەڵام هاوکات مانا دەدەنە یەکتر. مەبەستێکی چەمکی دێکانستراکشن ئەوەیە کە بە هەڵوەشاندن و دووبارە لێک گرێ دانەوەی تەونی دەق، دژایەتی و چەندوێنەیی پشتەوەی دەق نیشان بدرێ و دەق لە کۆنتێکستی تازەدا مانا بکرێتەوە. خوێندنەوەی دەق هەمیشە بە دۆخەکان بەستراوەتەوە و لە زەمەندا دەگۆڕی و مانای جیاوازی لێ هەڵدێنجین. میتۆد/فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوەی دێریدا هەوڵ دەدا نیشان بدا چۆن دەق هەڵگری دژایەتییە کە ڕەنگە لە نیگای هەوەڵ دا نەبیندرێ. چ ئامانجێکمان لە هەڵوەشاندنەوەی دەق هەیە؟ بەڕای دێریدا ئێمە ناتوانین "واقع" بەشێوەی ئابجێکتیف تاریف بکەین، بەڵکو تەنیا دەتوانین خوێندنەوەیەکمان لە ڕێگای "زمان"وە لێی هەبێ. تەنیا لە ڕێگای وشە و زمان کە واقع دەنووسنەوە و وێنای دەکەن، ئێمە دەتوانین بە بەشێک لە واقع بگەین. زمان "واقع" دروست دەکا.[12]

بۆ خوێندنەوەی دووهەمم لە ڕۆمانی *گابۆر* (خوێندنەوەی یەکەم لە حەفتەنامەی سیروان، ژمارە ١٠٢٣ دا چاپ کراوە) دیسان ڕۆمانەکە دەخوێنمەوە. ئینجا ڕۆمانەکە وەک قوماشێک لەت دەکەم و دوو چیرۆکە هاوتەریب و تێکەڵاوەکە لێک جیا دەکەمەوە. ئایا بە تەنیا وەک دوو چیرۆکی

---

[11] Roland Barthes, 1974.

[12] Thomassen, Magdalene (2007). *Vetenskap, kunskap och praxis: introduktion till vetenskapsfilosofi*.

سەربەخۆ دەمێننەوە؟ بە تایبەت ئەو چیرۆکەی بە مێشکی کەریم دا دەڕوا و دەگاتە خوێنەر؟ بەڵێ؛ ئەگەر ئێمە ئەو دوو چیرۆکە لێک جیا کەینەوە، هەرکام لەوان ژیانی خۆیان هەیە. چیرۆکی یەکەم بەسەرهاتی چەند منداڵە کە وەدوای تۆپێک کەوتوون و دواتر لەگەڵ گۆڤاری سروە ئاشنا دەبن. کەریم برایەکی لە شەڕێکدا شەهید بووە. وێنەی براکەی جاران لە سەر دیوار بوو بەڵام ئێستا تەنیا جێگای وێنەکە لەسەر دیوار ماوەتەوە. هەژیر کە ناوی عەبدول متەللیب-ە، ناوی خۆی دەگۆڕێ و دەیکاتە هەژیر. هەژیر بابێکی زۆر چڵێس و سێکسیستی هەیە کە هاوکات ژنەکەی زۆر خۆش دەوێ. ئەو دوو منداڵە وردە وردە گەورە دەبن و تاد.

چیرۆکی دووهەم کە لە داخڵەی خەیاڵ و زەینی کەریم ڕا دەگاتە خوێنەر، باسی کوشتارگایەک و شەڕی ئاژەڵە بێ زمانەکان و سەیدەسوورەی قەسابە. هەموو بەیانیان کە سەیدەسوورە دەیهەوێ ماڵاتەکان سەرببڕێ، ئەوان بە دیتنی خوێنی هاورەگەزەکانیان لە گابۆر دەدەن. لە بەرەبەیانێکدا سەیدەسوورە و جوانەگایەک یەکتر بریندار دەکەن و جوانەگا بە برینداری لە کۆشتارگا هەڵدێ.

کەوایە ئەم دوو ڕەوایەتە هەم وەگێر/ ڕاوی خۆیان هەیە، هەم چیرۆکی سەربەخۆی خۆیان و هەم فۆرم و تکنیکی خۆیان.

ئینجا کە چیرۆکەکانمان لێک جیا کردەوە، بۆ وێنە چاو لە پاژ و کۆ، وشە، ئیدیۆم دەکەین تا مانا شاراوەکانی ناو دەق پەیدابکەین. ئەم شێوە لە خوێندنەوەیە بە پێی دێکانستراکشنی دێریدایی، واتە لەبەر یەک هەڵوەشاندنەوەی دەق ئەنجام دەدەین.

هەڵوەشاندنەوەی دەق

دێریدا (١٩٣٠-٢٠٠٤) هەوڵی ئەوەی بوو کە نیشان بدا سیستیمە مێتافیزیکییەکان پڕن لە درز و دژایەتی. بەڵام سەرەڕای ئەوە دێریدا ئیدەی سیستیمی مێتافیزیکی فڕێ نەدا بەڵکو تەنیا وەک پرۆژەیەکی بەردەوام ناتەواو چاوی لێ دەکرد. *دێکانستراکشن* چەمکێکی فەلسەفی و زانستی ئەدەبیاتە کە ڕیشەی لە پۆستستراکچرەکان دایە. ئەم چەمکە بەربڵاو و چەندمانایە و دێریدا قەت تاریفێکی کۆتایی لێ نەکردووە. بە بۆچوونی دێریدا هیچ شتێک لە دەرەوەی دەق بوونی نییە. هەموو شتێک دەتوانێ دەق بێ و ئەو شتانەی دەیانبینین، هەستیان پێ دەکەین، بیریان لێ دەکەینەوە، دەیانخوێنینەوە، جۆرێک لە دەقی پڕ لە چەمکی دژ بە یەکن کە ئێمە تەئویلیان دەکەین. زمان لە دووانەکانی دژ بەیەک پێکهاتووە. لە ڕێگای ئەو دژانەوە ئێمە هەوڵی فامکردنی واقع دەدەین. بۆ ئەوە دیاردەیەک بناسین دەبێ دژەکەی بناسین. وەک نوور و تاریکی، وەک واقع و خەیاڵ و خەون.[13] لە ڕێگای هەڵوەشاندنەوەی دەق دەتوانین بەوە بگەین دەق چۆن دروست کراوە. ڕێگایە بۆ دۆزینەوەی شاراوەکان ڕەنگە ئەوە بێ کە بۆ وێنە جنس یا ئێتنیکی تاک، یا کات و شوێنی دەق بگۆڕی. هەموو چالاکییەکی ئینسان وەک خوێندنەوەی دەقە کە دەکرێ هەڵوەشێندرێنەوە.[14]

## دیسکۆرس

دیسکۆرس چەمکێکە کە میشێل فۆکۆ بۆ هەڵسەنگاندنی پێوەندییەکان لەگەڵ دەسەڵات لە ڕادەی و شوێنی جیاوازدا هێنایە ناو باسەکانی فکر و هزر دنیای ئاکادێمیدا. کاری سەرەکی دیسکۆرس ئانالیز لێکۆڵینەوە لەسەر پێوەندی زمانە لە حەوزەی جۆراوجۆردا. بە پێی دیسکۆرس ئانالیز، شتەکان هەرگیز تەنیا بۆخۆیان بوونیان نییە، بەڵکوو هەر کە زمان بەکار هات جیهانی دەرەوەی خۆمان تاویل دەکەین. لە "دیسکۆرس ئانالیز" دا ئێمە پێوەندی نێوان گوتار و

---

[13] https://sv.wikipedia.org/wiki/Jacques_Derrida
[14] Thomassen, Magdalene (2007). *Vetenskap, kunskap och praxis: introduktion till vetenskapsfilosofi*.

گوفتمانەکان هەڵدەسەنگێنین و لە دیاردەکان دەکۆڵینەوە کە چۆن دیسکۆرسەکان، کاریگەرییان لەسەر یەکترە و بۆ وێنە پێوەندی دەسەڵات و نایەکسانی چۆنە.  بە پێی دیسکۆرس/ Discourse ئێمە لە ڕێگای زمان جیهان ناس دەکەین و بە بێ زمان ناکرێ واقع بنووسینەوە و باسی بکەین. زمانە کە واقع فۆرم دەدا و واقعێک کە ئێمە دەربارەی دا قسە دەکەین هەمیشە سۆبێکتیڤە. بەکارهێنانی زمان دیسکۆرس بەرهەم و دووبارە بەرهەم دێنێتەوە. دیسکۆرس کاریگەرییان بە چاک و خەراپ هەیە؛ دەتوانین چ بڵێین و بنووسین و یا ناکرێ بگوترێن و بنووسرێن.[15]

شی کردنەوە

ئەگەرچی وەگێرەکانی *گابۆر* "ئێستا" خەریکن بەسەرهات و ڕووداوەکانی ڕابردوومان بۆ دەگێرنەوە، بەڵام بەشێکی ڕووداوەکان لە "ڕابردوو لە ڕابردوو" دا ڕوو دەدەن. ئەم زنجیرە پێوەستە لە کاتە دەمانباتەوە هەمان بۆچوونە دروستەکەی دێریدا و ڕەخنەکەی لە فیلەسووفانی پێشتر کە بە جۆرێک باوەڕییان بە "حضورمطلق"ە. لە سیستیمی بیری ئەواندا تەنیا "ئێستا" هەیە و ڕابردوو لە دەست چووە و داهاتووش هێستا نەهاتووە. بەڵام شتێک کە لەخۆیدا ناگۆڕێ و ناجوڵێ، ناتوانێ بوونی هەبێ. بۆ دێریدا جووڵە و گۆڕانە کە بوون مانا دەکەن و "ئێستا" هەمیشە بەشێک لە "ڕابردوو" لەگەڵ خۆی دێنێ. بەڕای دێریدا ستراکچر/ پێکهاتەی زمان کە ڕابردووشی لەگەڵە، ئیمکانی ئەوەمان دەداتێ کە گۆران لە زەمەندا ببینین. ڕابردوو بەشێکی چالاکە لە ژیان و ئێستامان.

"تەنیا شتێکمان کەم بوو؛ ئەویش تۆپ بوو". (ل.٧ و هەوەڵ ڕستەی *گابۆر*)

هەوەڵ ڕستەی *گابۆر* بە گێراونەوەی یەکەم وەگێر، لەناو دەیان وەگێری دیکەدا، دەست پێ دەکا، *گابۆر* باسی ڕووداوەکان لە ڕابردوویەک دا دەکا، بەڵام ئەم ڕووداو و ڕابردوویە خۆی تەژییە لە ڕابردوویەکانی دیکە. لە سەرەتای چیرۆکەکە چەند وەگێری لاو باسی ئەوەمان بۆ دەکەن کە دەیانهەویست تۆپێکی فوتباڵ بکرن و تیمێک پێک بێنن. بەڵام هەر لێرەوە "ڕابردو لە ڕابردوو" دەبنە بەشێکی گرینگ لە چۆنێتی مامەلە کردنی نووسەر و وەگێرەکان لە گەڵ کات و دۆخ:

"[....] ئەو خاکە چکۆلە ڕاست بەرامبەری پازگا بوو. پازگا پیش‌تر ماڵێ حەمەدەمینائاغا بوو. [....] چەند ساڵ دوای گرتنەوەی شار دەوڵەت ئەو ماڵەی داگیر کرد و کرا بە پازگا. [....]

میرزا هادی باوکی عەبدول متەللیب هەموو جارێک چاوی پر دەبوو لە ئاو. ئای لەو ڕۆژە ڕەشەی تێی کەوتین!" (ل. ١٦-١٧)

ڕابردوو لە ڕابردوویەکانی ناو *گابۆر* دەیانهەوێ پێمان بڵێن کە زەمەن تەنیا ئەو ئێستایە نییە کە وەگێرەکان خەریکن ڕووداوێکمان بۆ دەگێرنەوە، بەڵکو ئەو ئێستایەمان پڕە لە ڕابردوو. ڕابردوویەک کە داهاتووەکان ساز دەکەن، بەڵان ئەوەی کە جێگای سرنجە ئەو ڕابردوو- ئێستا و ڕەنگە داهاتووش، نەک بەرەو باشی و گەشەکردن، کە بەرەو پاش گەڕاوەنەتەوە. بە پێی گوتەکەی میرزا هادی پێشتر، پێش ئەم ڕابردوویە، ژیان هێندە ڕەش نەبوو. تەنانەت میرمنداڵێکی وەک عەبدول متەللیب دەزانێ کە زەمان چین و قورسی سەدانساڵەی خۆی لەسەر ناوی ئەو بار کردووە و ناوی باوکی، هادی، دیسان خۆشترە لە ناوی عەبدول متەللیب. ئەگەر بەپێی کات و پێش چوونی زەمەن با، دەبا ناوێکی خۆشتر لەسەر عەبدولە متەللیب داندرابا:

"کوتت کورە وەڵڵا هێشتا نێوی باوکم خۆش ترە. هادی. خۆزگە بە خۆی. هی من لە هی باوکیشم پیرانەترە، لانیکەم بریا من نێوم هادی بوایە و باوکم نێوی عەبدول متەللیب. چا ئەو بەدبەختییەی من!" (ل. ٦٨)

یا هەمان گەڕانەوە بۆ دوایە، ترس و ئیجبار کاریگەری لەسەر ناوی کەریم-یش بووە و لە ڕاستیدا ناوی کەریم نییە و لەناچاری ناوی کراوەتە کەریم:

"کوتت من برایەکم بوو لە خۆم گەورەتر بوو، نێوی کاک جەماڵ بوو، ئەودەم کە لەدایک بووم، ئەو نێوی نابووم خەبات.

---

[15] *Diskursanalys som teori och metod*, 2000.

کوتت دوای ئەوەی وڵات گیراوە، باوکم و ئەوان لە ترسان نێویان گۆڕیوم و کردوویانەتە کەریم." (ل. ٦٤ )

کەریم، باب و دایکی کەریم واتە بایز و گەوهەر، هەرکام لە ڕوانگەی خۆیانەوە باسی کار و کاسبی بایز دەگێڕنەوە. سەردەمانێک بایز قەساب بووە، ئەوان ژێرخانێکیان بووە و ماڵاتیان تێدا ڕادەگرت. هێندێک جار بەیانیان زوو بایز کورەکەی لەگەڵ خۆی دەبردە قەسابخانە. نووسەر هەوڵ باسی ژیانی ئەوان وەک بەشێک لە دەقی چیرۆکی یەکەم دەنووسێ. کەریم باسی کوشتنەوەی مانگاکان و شەڕ و مانگرتنی مانگاکان لە قەساب دەگێڕێتەوە:

"دیتنی سەرپڕینی مانگا و گوێلک زۆر ناخۆشە، لەوە ناخۆشەتر دیتنی دیمەنی ئەو مانگا و گوێلکانە بوو وا هێشتا نۆرەی سەر بڕینیان نەهاتبوو، ئەو مانگا و گوێلکانەی وا بۆنی خوێنی هاوەنوعەکانی خۆیان بەسەر دا دەچوو. دوو شتیان زۆر سەیر بوو؛ دەنگیان و چاویان. وەختایەک بۆنی خوێنی مانگاکانی دیکە بە سەریانەدا دەچوو بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە دەیانبۆراند کە بە هیچ جۆرێک وەک بۆڕەی جارانیان نەدەچوو. [....]
من زۆربەی ئەو بەیانییانەی گوێلکمان دەبرد بۆ کوشتارگا، ئاخر زەمانم هەست دەکرد و دنیام لێ ئاخر دەبوو." (ل. ۱۹)

*بیرەوەرییەکانی کەریم* سەبارەت بە کوشتارگای دەرەوەی شار کە بەیانیان بۆراندنی مانگا و چەقولووری سەگەبەڕەڵاکان پێکەوە ناخۆشترین دیمەن بوون بۆ کەریم، لە لاپەڕە ۲۰ڕا دەست پێ دەکەن. هەر لەم لاپەرەیشدا چەندین جار ئیدیۆمی "ئاخرزەمان" بەدوای یەکدا بەکار دێن:

"من زۆربەی بەیانییەکان دەمبیست و چەند جارێکیش دیتم. هەر وەخت ئاوا بۆراندنی مانگاکان و چەقولووری سەگەکان پێکەوە تێکەڵ دەبوون، هەستم دەکرد ئاخرزەمان و دنیا ئاخربوونە. من زۆربەی ئەو بەیانییانەی گوێلکمان دەبرد بۆ کوشتارگا، ئاخرزەمانم هەست دەکرد و دنیام لێ ئاخر دەبوو.
وەختایەک گوێلکێکیان دەبردە بەردەرگا و سەیدەسووره دەرگای لێ دەکردنەوە، کەریم بۆ دواجار دەستێکی بەسەر پشتیانەدا دەهێنا و هەناسەیەکی هەڵدەکێشا.
*بڕۆ بەرەو ئاخرزەمان."* ( ل. ۲۰)

لەمەو بەدوا هەر جار نا جارێک لە دۆخی جۆراوجۆردا بیرەوەی قەسابخانەی دەرەوەی شار و ئەو مانگا و گوێلکانەی کە سەریان دەبڕدرا، لە زەین و خەیاڵی کەریم (خەبات) دا شەپۆل دەدەن و ئەم بیرەوەرییانە بە فۆرمی *ئیتالیک* دێنە ناو دەق. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە بۆ ئەم بیرەوەرییانە/رابردووی دوور، لە زەمەنێکی دیکەدا، زەمەنی دوای داگیرکردنی ماڵە حەمەدەمیناغا و هاتنی پازگا، ئەو کات کە پازگا پیشتر ماڵی حەمەدەمیناغا بوو، وەبیر کەریم دێنەوە و ئێستا بۆ ئێمەی خوێنەر دەگێڕدرێتەوە؟ ئەو "پێشتر"ە بە کام زەمان و دۆخ ئیرجاعمان دەدا؟ زەمەنێک کە خەڵک ئاسوودەتر بوون یا زەمەنێک کە ئەو کاتیش قەسابخانەیەک هەبوو؟ یا ئەو زەمەنە کە هێشتا بایز نەببوو بە مریشک فرۆش؟ بەڕاست هەر ترس لە تیری پازگا بایز دەکاتە مریشک فرۆش یا زەرورەتێک لە دەقدا هەیە کە *مانگا* ببێتە *مریشک*؟

"وەختێک ماڵی حاجی حەمەدەمیناغا بوو بە پازگا، بایزیش لە ترسی ئەوەی بەیانییەک زوو بە دوای گوێلک و مانگاوە وەبەر گولەیان نەدەن و خۆی و کورەکەی نەکوژرێن، قەسابی وەلا نا.
خولا وەتحەسێنێ لەو دەمەوە، بوو بە بایزی مریشکفرۆش." (ل. ۲۱)

ئەگەرچی مانگا کراوەتە/بۆتە مریشک بەڵام ئێمە لەگەڵ یەک دیاردە ڕووبەڕووین: ئاژەڵ و باڵندەی "بێ زمان". ئێستا پرسیاری دووهەم دێتە ئاراوە کە بۆ ئەو هەموو ئاژەڵە "بێ زمان" و "بەستە زمان"ە بەنێو ئەم دەقەدا بڵاو کراوەتەوە/بوونەتەوە؟ ئەو ئاخرزەمانە/ بەرەبەیانیان کە "دەنگی" بۆڕەی مانگا و چەقولووری سەگی بەڕەڵای تێیدا دەبیسترێ چمان پێ دەڵێ و ئەو دەنگانە نیشانەی چن؟

با بگەڕێنەوە لای *دیالکتیکی ڕۆشەنگەری* کە لەودا لە چەند جێیەک باسی "بێ زمانی ئاژەڵان" و "ڕەنج" دەکرێ. لە ڕوانگەی *دیالێکتیکی ڕۆشەنگەری*یەوە، ڕۆشەنگەری بریتییە لە گەیشتن بە خودئاگاییەک کە کارەساتەکانی مۆدێرنیتە وەک وێرانکردنی خودی ئینسان و بەرپاکردنی

کەمپ بێنێتە ژێر ڕەخنە. ئینسانی خاوەن زمان و خاوەن ئاپاراتی دەوڵەت، "بێزمان"ەکان وەک ئاژەڵ و "بێ حس" و "بیر" دەبینێ. لە ڕوانگەی بیر و جیهانی تۆتالیتەرەوە ئەوەی کە بێ حسە خاوەنی وشە نییە، یا دروستترە کە بگوترێ ئەوەی وشە و زمانی نییە بیر و حسی نییە و لە کاتی کارەسات و خەمدا تەنیا دەنگێکی لێ دێتە دەر/ دەبۆرێنێ.

هەموو مانگا و گوێلکی "بێ زمان"ی *گابۆر* و دەرەوەی *گابۆر* وشەیان نییە. پێش هاتنی پازگاکەش هەر وشەیان نەبووە. جار لەگەڵ جاریش دۆخ بەرەو خەراپتر ڕۆیشتووە. ئەو ماڵاتە تەنیا خاوەنی هاوار/ گابۆرن. ئەوان لە کاتی خەم، خەتەر و کارەسات تەنیا دەتوانن لەگابۆر بدەن. ئەگەر وەبیرمان بێ کەریم باسی ئەوەی بۆ کردین کە ئەو دوو شتی مانگاکانی پێ سەیر بوو، دەنگ و چاویان:

"[...] دوو شتیان زۆر سەیر بوو؛ دەنگیان و چاویان. وەختایەک بۆنی خوێنی مانگاکانی دیکە بە سەریانەدا دەچوو بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە دەیانبۆراند کە بە هیچ جۆرێک وەک بۆرەی جارانیان نەدەچوو." (ل. ١٩)

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی دەروووناسییەوە چاو لەم ڕستانە بکەین هەمیشە ئینسان لە کاتی ترس و خۆف دا چاوی زەق دەکاتەوە و بە شێوەیەکی ناخودئاگا دەقیژێنێ. لەو ساتانەدا ئینسان زۆر جار کورد گوتەنی لاڵ دەبێ و وشە نادۆزێتەوە و تەنیا وەک ئاژەڵ هاوارێک لە گەروی دێتە دەر. تۆ بڵێی چاوی زەق بووی مانگای چاوەڕوانی مەرگ، گابۆری گوێلکی ترساو، و لەبەریەک ڕاچوونی جوانەگا و سەیدەسوورەی قەساب هەمووی داڵی بەر ژیانی "ئینسانی کوردی و "بێ زمان"ی ئەو نەبن؟ ئەگەر بە گوێرە دێریدا زمان داڵی بوونی ئینسانە و هەموو شت لە دەق و وشە دا مانای هەبێ، ئاخۆ "ئینسانی بێ زمان" و "زمان بەستراو"ی ئینسانی کورد هەر هەمان ژیانی ئەو مانگا و مریشکانە نییە کە بەیانیان سەریان دەبڕن؟

ئینجا بۆ خاوەن مانگا لە ڕەوتێکدا دەبێتە مریشک فرۆش؟ ئەگەر بگەڕینەوە هەوەڵی شی کردنەوەکە کە باسی ئەوەمان کرد کە ڕابردوو و ئێستا نەک بەرەو پێش نەچوون بەڵکو بەرەو پشتەوە گەڕاونەتەوە، ئایا ناتوانین بڵێین کە تەنانەت ئەو پرە دەنگە کە ڕەنگە سەردەمانێک بووبێ، ئێستا لە پاشگەزبوونی داوە و لە بۆرەی مانگا ڕا هێندە بچووک کراوەتەوە کە بۆتە جیکەی مریشک؟ خۆ تەنانەت ئەگەر قسەکەی لاکان-مان قەبووڵ بێ (و ئەمە لە ڕوانگەی جێندێرییەوە جێگای ڕەخنەیە و بە پێی دنیای فەلسەفی و لینگویستیکی کریستێڤا، زمان هێترۆژێنە و هەم دایکانەیە و هەم باوکانە)[16] کە زمان سیستیمە و سابجێکت کە فێرە گۆ و زمان دەبێ دێتە ناو سیستیم، ئەوە دیسان ئەو سیستیمە زمانییەی *گابۆر*، چیرۆکی ئەو سەردەمەیە کە شەبکە هێندە توند بوو کە هەموو شت بەرەو پاش دەگەڕاوە و دەنگی بۆراندنیش لە بڵیندی خۆی دەکەوی و دەبیتە جیکەی مریشکان. لێرەدایە دەق بەو قەناعەتەمان دەگەێنێ کە دۆخ و دیسکۆرسی دەسەڵات و پێوەندییەکان لە ڕابردوو، ڕابردووی دوور، ئێستا و ڕەنگە داهاتووش نەک بەرەو گەشە نەڕۆیشتوون کە بگرە زمان و وشە هەموو ڕۆژێ لە قەسابخانە سەریان دەبڕدرێ و زمان لە زاری مانگا دێننە دەر و لە دەرەوە چەقولووری سەگان دەبیستریێ/ دەبیسرا. ئەوان ساڵان، گەرچی زۆربەی وڵاتان چوونە ناو فازی مۆدێرنێتە و بگرە دوای مۆدێرنیتە، بەڵام هێمن گوتەنەی لەلای ئێمە "دەبا خوێن بێ و سەران بەرێ، چەرخی کارگەیان بگەڕێ" بوو. بۆیە هوروژمی شەپۆلی بیرەوەریەکانی کەریم بەردەوام کوشتاری ناو قەسابخانە دێننەوە یادی خوێنەر:

*"ڕیزێک کەلاک بە قولاپەکانەوە لەمسەر بۆ ئەوسەر هەڵواسرابوون. هەموویان سەرەوخوار بوون. کلکە درێژەکانیان یەکی تۆزێکیان پێوە مابوو. کلکیان لە حەوا و گەردەملەکانیان ڕوو بە خوارێ بوون. خوێنیان لەبەر دەچۆڕاوە. ڕەگی لاڕانی زۆربەیان جارنەجارێک دەخوڵاوە و لێی دەدا. کابرایەکی بەرگ سپی لەسەری ئەوسەرەوە مۆر و ستامپێکی پێ بوو، دانە دانە چاوی لێ دەکردن و مۆرێکی شینی لە لاڕانیان دەکوتا." (ل. ٩٥)*

ئەوان سەردەمان گەلێک زۆر بوون ئەوانەی لاڕانیان مۆر و شین دەکراوە. هەر ئەوەش نا، زۆرن

[16] *Fasans Makt,* 1992.

ئەوانەی بەسەرهاتی ئەو گوێلکانەیان پێیە کە بە هەڵکەوت لە چەقۆی قەساب نەجاتیان بووە و شانسی ژیانیان بۆ ڕەخسا (ئەویش چ ژیانێک، خۆی جێی باسە)، یا لە زگی مانگایەکی ئاوس دا لەبارچوون و مردن:

*بابم کوتی بۆ چوویەدەری؟ ترسای؟ کوتم پێم خۆش نەبوو. کوتی هەر تۆ ڕۆیشتییەدەرێ، هێنایانەدەرێ. کوتم چی؟ کوتی مانگاکەی کەوڵیان دەکرد، گوێلکێکی لە زگ دا بوو؛ ئاوس بوو." (ل. ١١٢)*

"نەزۆکی و کوشتوپڕی زمان"ی ناو *گابۆڕ* وەهای کردووە کە کوشتاری مانگا و گوێلکەکان و ڕووداوەکانی شار و دەستپڕێژکردنی پازگا بەردەوام تەداعی "*ئاخرزەمان*"ن، چ بۆ کەریم و چ بۆ خوێنەر. زمان دەورێکی وەها گرینگی لە ژیانی ئینسان دا هەیە کە تەنانەت ئەگەر تۆ زمانی دایکی خۆت بزانی بەڵام پرۆیتە وڵاتێکی دیکە و زمانەکەی ئەوان بە تەواوی فێر نەبی ئەوە جیهانی بیری تۆ قسر و نەزۆکە، جا چ بگا بەوە کە ئەو وڵاتەی کە لێی ڕا هاتووی لەوێش زمانی دایکی تۆ زمانی خوێندن و نووسین نەبێ:

[...] کوردی قسەکردنەکەی زۆر خۆش بوو؛ خەڵک بە ئەنقەست دەیاندواند. مانگایەکی قسری ڕاگرتبوو و بە ڕۆژدا دەری دەکردە دەرێ و ئەوەندەی تاقەتی بوایە دەیبردە خوار ماڵان و لە قۆپی و گوێ چۆمی دەیلەوەڕاند. (ل. ٤٦)

پێوەندی چیرۆکی یەکەم و بیرەوەرییەکانی کەریم بە فۆرمی *ئیتالیک* لەناو دەقدا پێوەندییەکی دیالکتیکی و دیالۆگییە، واتە زۆربەی جار لە درێژەی مەنتقیی چیرۆکی یەکەمدا بیرەوەرییەکانی کوشتارگاکە دەنووسرێنەوە و جۆرە وڵامێکن بە ڕستەکانی پێشتری ناو دەق و تێمی سەرەکی *گابۆڕ*، واتە نەبوونی تۆپ، نەبوونی زمان، بێ زمانی، بەستەزمانی ئینسانەکانی ئەو شارە کە ئێستا پازگا داگیری کردووە. دیارە ئەگەر پازگاکان لە ناوەڕاستی ڕۆژدا مانگای قسری نەنەعەجەم بکوژن، مانگاکانی دیکە وەها تەفروتوونا دەکەن کە هەر زمانیان لە شەوێلکەدا نەمێنێ. وێنەیەکی بەرچاوی ڕاستی ئەم بۆچوونە لە دەقدا ئەو کاتەیە کە عەبدول متەللیب بۆ کەریم دەگێڕێتەوە کە شەوی پێشتر شتێکی خۆشی بە زمانی کوردی دیوەتەوە بەڵام دایکی لێی دەدڕێنێ:

"کوتم کەریم دوێنێ شتێکی زۆر خۆشم دییەوە بەڵام دایکم لیی دڕاندم. سەد بریا ملم بشکایە و نیشانی دایکمم نەدایە.

کوتم چی؟

کوتم داستانیکی بێ حەدد و ئەندازە خۆش بوو. بە زمانی کوردی بوو. ل. ٨٥

و ڕاست دوابەدوای ئەم دیالۆگەی نێوان کەریم و عەبدول متەللیب، بیرەوەریەکی کوشتارگا دێتە ناو دەق کە چۆن مانگایەکی کە زمانی دەرکێشابووە دەرێ و کەف و لینجاوی زۆری بووە (تۆ بڵێی وشە و بەسەرهاتی زۆری پێ بووە) قەساب زمانی لە شەویلکەی دەردینێ:

*سەرەگایەکی پراو لەلاوە دانرابوو. چاوی زەق ببۆوە و زمانی دەرکێشابووەدەرێ و کەف و لینجاوێکی زۆر لە ژێر زمانییەوە دەتکا خوارێ. [...] دوایی لاقێکی خستە سەر شەویلکەی خوارێ و بە هەردوو دەست توند شەویلکەی سەرێی کێشا تاکوو لەبەریەکی هەڵپچری. بە دەستێک زمانی هەڵێنا و بە چەقۆکەی کە بە دەستەکەی دیکەوەی بوو زمانەکەی لەبندا بڕی و فڕێی دا پەنا کەوڵەسەرەکە.*

*جوتێک چاوی قەلپووچ و زمانێکی بڕاو!* (ل.٨٣-٨٤)

ئەگەر بە میتۆدی "شی کردنەوەی چۆنێتی، موحتەوا و ناوئاخان"[17] چاو لە *گابۆڕ* بکەین و بمانهەوێ بزانین هێندێک لە وشەکان چەند جار و چۆن دووپات بوونەتەوە، دەبینین کە وشەی

---

[17] Content analysis

زمان ٤٤ جار لەناو ڕۆمانەکدا دووپات دەبێتەوە. ئەگەر ئەم ٤٤ جارە بە دووپات بوونەوەکانی ٨٠ جار مانگا ، ٢٥ جار جوانەگا، ٢٩ جار گوێلک، ٢٦ جار کوردی، ئاخرزەمان ٧ جار، و زمانی پڕاو و بەستەزمان زیاد بکەین ئەو کات دەزانین کە ڕۆڵی زمان چەند بناخەیی و بونیادی بیری *گابۆرە* و "*نەبوونی زمان*" و "ڕەنجی بێ زمانی"یە کە وا دەکا ئەو هەموو مانگا، جوانەگا و گوێلکە ببنە قوربانی. ڕەنج لە ڕوانگەی *دیالێکتیکی ڕۆشەنگەری*یەوە پێوەندی بە "دەربڕین"ەوە هەیە، ڕەنجێک کە پێشی نموود و نیشان دانی گیراوە.

دوای ئەوەکە کەریم و عەبدول مەتەللیب لاپەرەیەکی سروە کە شۆرمەزەی تێکراوە، دەدۆزنەوە و دوای ئەوە کە منداڵەکان دەزانن زمانی کوردی چەند شیرینە و دەتوانن بیخوێننەوە، تەنیا لە دوو لاپەڕە و سێ خەت دا ١٧جار وشەی زمان لە مانای جیاوازدا بەکار دێ؛ هێندێک بە شیرینی زمان و هەستی خۆش ئاماژە دەکەن و هێندێکیان پێمان دەڵێن کە ئەگەر زمان لێگەڕی سەر سڵامەتە، ئەوە زمانە کە درۆ ناکا، و زمان بێ ئامانە:

"بە زمانی فارسی نەبوو. بەڵام ئەو دەیتوانی بیخوێنێتەوە. ١

[....]

کوتم زۆر دواتر زانیم کە ئەوە شیرنایی و ڕووناکایی زمانی خۆم بوو لە دەروونمدا ئاوێتەی یەک دەبوون. ٢

ئەوە یەکەم جار بوو بە چاو زمانی خۆی دەدی. ئەو تا ئەودەم تەنیا بە گوێ زمانی خۆی بیستبوو. ٤

کوتم ئەوە یەکەم جار بوو زمانی خۆم دەدی. ٥

زمانی خۆی چەندە ئاسان بوو، زمانی خۆی چەندە خۆش بوو! ٦

کوتم من دەزانم.

کوتم من کوردی دەزانم. ٧

بە هەڵاتن ڕۆیشتەوە ژوورێ. لە خۆشیان زمانی نەدەهاتە گۆ. ٨

کوتم دایە وەرە شتێکی سەیر!

کوتم چییە ڕۆڵە!

کوتم وەرە بە خودا من... دەزانم بخوێنمەوە!

کوتم چی دەزانی بخوێنیتەوە.

کوتم زمانی کوردی. ٩

کوتم دادەی.

کوتم هەبوو... نەبوو... کابرایەک... بوو... دوو ژنی ... هەبوو...

دایکی گورجێک زمانی خۆی گەست. ١٠

کوتم نانا. درۆم کرد. هەو نییە.

کوتم دا بێنە، زمان درۆ ناکا. ١١

لاپەڕەکەی لێ وەرگرت و لەبەر چاوی خۆی دڕاندی.

کوتم لای کەس دەنگ نەکەی! زمانت نەگەڕێ ها! بەدبەخت دەبین! نەڵیی شتێکی وام دیوە. ١٢

کوتم بێتوو زمان لێگەڕی سەر سڵامەتە. ١٣

کوتم خاڵە جەحفەرت زمانی نەسرەوت و بە چوار پێنج لەتە کاغەزی ئاوا بەدبەخت بوو. ١٤

کوتم سەدان کەس لەسەر زمانیان تێداچوون. ١٥

کوتم باوکت بزانێ، خەریکی شتی وای، زمانی هەردووکمان لە بندا دەردێنێ. زمان ئامانە! ١٦

ئەوە قسەی هەمیشەیی دایکی بوو کە دەیکوت بێتاوان بوو.

کوتم تەنیا گوناحی جەحفەر چوار کوتە کاغەزی زمانی کوردی بوو." (ل. ٨٠-٨٢) ١٧

ئینسان ڕووناکی، شیرینی، خەم، ڕەنج، بەسەرهات و ڕووداو و گێڕانەوەکان لە ڕێگای زمان و وشەوە باس دەکا. هەر بۆیە لە سەردەمێکی پڕ لە تەم و مژدا، هاتنی گۆڤاری سروە ڕاست سروەیەکە بۆ ئاوپرژێنی ڕوحی ئینسانی کورد. شیرینی و ڕووناکییە. ئەو کات کە ئینسان ئەو وشانەی کە پێشتر بە گوێ بیستبوونی، لەمەودوا دەیتوانی بە چاو بیانبینێ. ئینسان لە دایک فێری هەوەڵ وشەکانی ژیان دەبێ بۆیە لە دەقدا دەبینین کە دایک هەوەڵ کەسە کە کوڕ ڕووی تێ دەکا و دەڵێ:

کوتم دایە وەرە شتێکی سەیر!

کوتم چییە ڕۆڵە!

کوتم وەرە بە خودا من... دەزانم بخوێنمەوە!

کوتم چی دەزانی بخوێنیتەوە.

کوتم زمانی کوردی. (ل. ٨١ )

زمان نەک هەر ئامرازی پێوەندی بەڵکوو خودی بیر و بوونە. بوونێک کە ڕەنگە وەک خاڵە جەحفەر و کاکە جەماڵ ژیانت لەسەری بەفەتەرات بچێ. مانگا و گوێلکە بێ زمان و بەستە زمانەکان پێمان دەڵێن کە کاتێک ئینسان زمانی نییە و ناتوانی جیهانی دەرەوە و واقعی پێ بنووسێتەوە هەر وەک ئەو مانگا و گوێلکانەیە کە هەموو ڕۆژێ زبح دەکرێن. تۆ کە زمانت ئازاد نەگەڕا و تۆ کە زمانت قەدەخە بوو، هەموو ڕۆژێ سەرت دەبڕن. نەبوونی زمان بۆ دەربڕینی ژیان و بەسەرهاتەکانی واتە ڕەنج. ڕەنجی ئاژەڵ لە بێ زمانی ئەوان دایە کە ناتوانن باسی خۆیان بکەن و تەنیا لە خۆشی و شادی دا دەنگێک لە خۆیان دەر دەدەن؛ یا حیلەیان دێ و یان لەگابۆڕ دەدەن.

بیرەوەرییەکانی بڵاوی کەریم بە فۆرمی *ئیتالیک* وەک خەون دێنە ناو دەق. خەون بۆ فرۆید بە مانای ئەوەیە کە ئینسان بە وێنە بیردەکاتەوە. ڕەوانی ئینسان بەگوێرەی فرۆید وەک دەقێکە 'بڵاو و پڕ لە دژایەتی و ناتەبایی'. هەروەها بە ڕای لاکان "خود" کاتێک دروست دەبێ کە دێتە ناو نەزم و سیستەمی زمان و کەلتوور. بەڵام کریستێڤا هەنگاوێک زیاتر داوێ و باس لەوە دەکا کە دروستبوونی سابجێکت زۆر زووتر- پێش هاتنی منداڵ بۆ نێو سیستەمی زمان دروست دەبێ. واتە پێش قۆناغی ئاوێنەیی، کاتێک منداڵ و دایک پێوەندییەکی سێمیۆتیکیان هەیە. کاتێک گەرمای دایک، 'نوختەی قەراردادی'یە و دایک و منداڵ یەکن و هێشتا منداڵ خۆی لە دایک جیا نابینێ. کریستێڤا لەسەر ئەم باوەڕەیە کە تێکست/دەق لە دیالۆگ لەگەڵ دەقەکانی دیدا دەخولقێت و ئەمەش بەو مانایەیە کە هەموو دەقێک کارتێکردنی تێکستەکانیتری لەسەرە: ڕۆحی- ڕەوانی و کەلتوری، واتە لە "نێواندەق"دا تێکستێکیتر شکڵدەگرێ و بەم جۆرە هەر تێکستێک دەبێتە تێکستێکی تازە. کریستێڤا، تیۆرییەکانی فرۆید دەربارەی ناسنامە کە لەگەڵ هەم دایک و هەم باب پێناسە دەکرێت، تایبەتمەندیی زمان کە هێتڕۆژێنە و هەروەها پێوەندی نێوان 'خودئاگا' و نەست/'ناخودئاگا' و پێوەندی نێوان خەون و ناوەڕۆکی خەون و هەروەها تیۆرییەکانی ژان لاکان، لە کاری خۆیدا پەرەپێدەدا بۆ ئەوە کە تێکستی ئەدەبی و سابجێکت بێنێتە بەرباس.[18]

با کەمێک لەسەر ئیدیۆمی *ئاخر زەمانە* بدوێن کە پێشتر ئاماژەیەکی بچووکمان پێ دا. ئاخر *زەمان* لە ڕاستیدا بە هاتنی قیامەت و کۆتایی مێژوو کە ئیدی ئینسان نامینێ دەگوترێ. ئەو ڕۆژەی کە مێژوو نییە و کۆتایی دێ، و ئینسان چاوەڕێی حوکم و مەرگە و لە بەرزەخێکدا ڕاوەستاوە تا تەکلیفی مەعلووم کرێ. ئەوە ئاخرزەمانە.

---

18 *Fasans Makt*. 1992.

ئەگەر بیرە مێتافیزیکییەکەی Hegel بە قەرز وەربگرین کە "مێژوو گەشەی ئاگایی ڕوحە لە ئازادی خۆی"[19] ئەوە دەتوانین بە بەهای زمان لە گەشە کردنی ئاگایی و ئازادی ئینسان بگەین. زمان لە پرۆسەی مێژوویدا ئاگایی پەرە پێ دەدا و ئەو نەتەوانە کە ئیرادە، ئاگایی و ڕوحی خۆیان فەرامۆش دەکەن، نابنە *نەتەوەییەکی مێژوویی*. ئێرادە، ئازادی و گەشەکردنی ئاگایی مانا دەبەخشنە تاک و نەتەوە. شارێک کە پازگا بە کەیفی خۆی بڕیار لەسەر دانیشتوانی دەدا کەی لە ماڵ بێنە دەر، پەنجەرەکانیان دیوارچن بکەن، ژنەکان بە جلی تایبەت بێنە تەنانەت حەوشی خۆیان، لە ئاخرزەمان دا دەژی و بەجۆرێک مێژوو کۆتایی هاتووە. یا هەر نەبێ وەک کەریم کە لەگەڵ سەرپرینی هەر مانگایەک هەستی دەکرد *ئاخرزەمانە*، ئەو شارە لە قیامەت نزیک بۆتەوە.

بەڵام کەریم ئیدیۆمی ئاخر زەمان تەنیا لە کاتی مەرگی مانگاکان دا بەکار ناهێنێ. ئەو ئیدیۆمە چەند جار، بۆ وێنە لە ئاخرەکانی ڕۆمانەکەدا بەکار دێ کاتێک کەریم و نازدار ماڵئاوایی لێک دەکەن و دەگرین و لە ناوەڕاستی کوچەدا یەکتر لەباوەش دەکەن:

کوتی متەللیب ئێستاش تامی زارم سوێرە.

کوتی ئێستاش سوێرایی فرمێسکەکانی نازدار لە زارم دایە. باوەڕ دەکەی؟

عاسمان ڕووخاوە.

دەست لێکبەردانە.

ئاخر زەمانە. (ل. ١٨٥)

بەڕای کریستێڤا دەقی شاعیرانە کە بە 'ساتێکی تایبەتی قەیران' بەستراوەتەوە، بالقوە هەڵگری جەستەیەکی دایکانە (سێمیۆتیک/ ڕەمزی)یە، کە بەرامبەرە لەگەڵ زمان/ سیستەمی نیشانەیی. هەست، ڕیتم و طنین/ زایەڵە لە توخمی/ عنصرێکی دایکانەیە. کریستێڤا ئەو ئیمکانی دەرپرینە، "کۆرا"، ناودەنێ کە تایبەتمەندی ژنانەی هەیە و بە تەواوی ڕەمز و نەگوتراوانەی نێوان خەتەکانی دەق/ بینامتنی دەگوترێ. کۆرا تیۆرییەکی سەرەتاییە کە لەو جێگایەی کە مانا لە دەقدا بێدەنگ دەکرێ و یان قەت نەبووە، مانا دەبەخشێ. کاری شاعیرانە/ هونەرمەندانە دەبێتە هەنگاو هەڵگرتن و بزاڤێک لە کاتی مەیل و دڵتەنگی شاعیرانە بۆ گەیشتن بە قارەی دایک کە سیستەمی زمان لە کەناریدا تێپەڕ دەبێ. شاعیر لە 'ساتی قەیران'دا، لە سنوورەکانی نێوان ڕەمز/ سروشت و سیستەم/ کەلتوردا، خۆ دەبینێتەوە و بەم جۆرە 'دیسکۆرسی مێژوویی' دەق لەقاوەدا. هەموو تێکستێک وەرگێرانی ئەزموونەکانی سابجێکتە، ئەو ئەزموونانە کە لەسەر شانۆ دادەندرێن و ساختاری هەردوو زمان و ڕەوان دەگۆڕن.[20]

ئاکام

چەمکی زمان و گرینگی زمان وەها بەناو دەقی *گابۆڕ*دا بڵاو بۆتەوە و ڕوحی ڕۆمانەکەی داگیر کردووە کە هەردەڵیی تیۆرییەکەی دێریدا کە "هیچ شتێک لە دەرەوەی زمان بوونی نییە"، و بۆچوونەکانی *دیالێکتیکی ڕۆشەنگەری* بۆ *گابۆڕ* داڕێژراون. بە گوێرەی *دیالێکتیکی ڕۆشەنگەری* ڕەنج و دەرپرینی ڕەنج دوانەن. کاتێک باسی ڕەنجی *ئاژەڵی بێ زمان* و زمان بەستراو دەکەین لە ڕاستیدا باسی ئەوە دەکەین کە زمان بەستراوەیی و بێ زمانی خۆی ڕەنجە. ئاژەڵ ڕەنج دەبا چونکە ناتەوانە و ناتوانێ ڕەنجی خۆی دەربڕێ. جیاوازی ئینسان و ئاژەڵ لە چۆنێتی و جۆری دەرپرینی ڕەنج دایە. ئینسان خاوەن زمانە و ئەگەر زمانی بپرن وەک ئاژەڵی لێدێ. ئاژەڵێک/ئینسانێک کە زمانی نییە لە ڕاستیدا بوونی تەم و مژاوییە. ئەگەر گوتنەکەی دێریدا بە

[19] *Andens fenomenologi*, Thales 2008.
[20] Stabat Mater, Julia Kristeva. I urval av Ebba Witt-Brattsröm, 2002.

قەرز وەربگرین کە هیچ شتێک لە دەرەوەی زمان بوونی نییە و وجودی زمانییە کە وجودی ڕوحی ئینسان لە گەردوونەی هەستی‌ناسانەدا مانا دەکات، ئاخۆ نینسان/ نەتەوەی بێ زمان چۆن بتوانێ باسی ڕەنج و بوونی خۆی بکا؟ ڕەنجێک کە بەردەوام دووپات دەبێتەوە و ویستێک کە بەردەوام سەرکوت دەکرێ.

نزیکترین ئاژەڵ لە ئینسانی کورد و ئینسانەکانی دیکەی جیهان مانگایە. مانگا لە چەرخەی ژیان دا گرینگی تایبەتی هەیە. مانگا وەک زۆر ئاژەڵی دیکە بۆ مەرگی هاورەگەزی خۆی دەگری و مویە دەکا. هەر بۆیە *گابۆر* مانگا وەک سێمبۆلی بێ زمانی خۆمان هەڵدەبژێری. مانگا و کوێلک و جوانەگاکانی *گابۆر* بەهۆی نەبوونی زمانە کە لەگابۆر دەدەن.

لەدوای لێک جیاکردن و دووباە پێکەوە لکاندنی دەق دەبینین کە دەقی *ئیتالیکی واتە بیرەوەرییەکانی کەریم* مانایەک دەدەنە چیرۆکی یەکەم و ئەم دوو چیرۆکە پێکەوە کۆیەک دروست دەکەن. ئەم دوو چیرۆکە هاوتەریبە پێمان دەڵێن کە ئینسان و نەتەوەی بێ زمان و زمان بەستراو تەنیا ئاژەڵێکە کە لە کاتی ڕەنجی بەردەوامی خۆیدا لەگابۆر دەدا.
هەڵوەشاندنەوەی دەق بە فەلسەفە و میتۆدی دێکانستراکشنی دێریدا پێمان دەڵێ دەق چ دەڵی، چۆنی دەڵێ، و چۆن دەق و خوێندنەوەی دەق "واقع" فۆرم دەدەن. بوونی مەعنەوی ئینسان پێوەندی بە بوونی زمانی‌یەوە هەیە و لە دەرەوەی زمان ئینسان بوونی نییە. بەڵام بوونی زمانی بە دیسکۆرسی دەسەڵات و دۆخەوە گرێ دراوە. ئینسان بە بێ ئازادی و سەروەری خۆی ئاژەڵیکی بێ زمانە و بێ زمانی دووپاتەی ڕەنج و بێ دەسەڵاتییە.

و بەم جۆرە جوانەگایەکی وەڕزبوو لە بێ دەسەڵاتی و بێ زمانی خۆی لە بەرە بەیانییەکدا زگی قەسابی زمانشڕ هەڵدەدڕێ...

ستۆکهۆڵم، مارسی ٢٠١٩